# ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی بپچڕێنێت ناچێتە بەهەشتەوە

لە جوبەیری کوڕی موتعیمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی بپچڕێنێت ناچێتە بەهەشتەوە».
[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک پەیوەندی خزمایەتی بچڕێنێت ومافیان نەدات لەو شتانەی واجبە دەرهەقیان ئەنجامبدرێت، یان ئازاریان بدات وبەرامبەریان خراپەکار بێت، ئەوا شایستەی چوونە بەهەشت نییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5367